The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*CAK*
chak_org@yahoo.com

## پیرۆزبایی ناوەندی چاك لە سەركەوتوانی كوردی هەڵبژاردنی شارەوانی لە نەرویج

وڵاتی نەرویج مێژوییەكی دیار و پڕ ئەزموونی لە گەڵ كەمە نەتەوەییەكاندا نییە , تازە خەریكی كۆمەڵگەیەكی فرەكولتوری و فرە ڕەگەزی لەم وڵاتە شێوە دەگرێت .

ڕەوەندی كوردیش لەم وڵاتە ئەزموونێكی كەمی هەیە لە بواری بەشداریكردن و كاریگەریدانان لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن بە تایبەتی وە پرۆسەی دیموكراتییەكان بە گشتی .

مخابن تاكو ئێستا هیچ ئەندام پەرلەمانتارێكی كوردمان نییە لەم وڵاتە , بە دەگمەنیش نەبێت كورد لە پۆستە كارگێڕی و سیاسییە بەرزەكاندا نابینین .

خۆشبەختانە ئەمجارە , لە دوا هەڵبژاردنی شارەوانییەكانی نەرویجدا , ڕەوەندی كوردی بەشدارییەكی كاریگەر و بەرچاوی لە هەڵبژاردنەكاندا كرد , وە لە ئەنجامدا خۆشبەختانە كۆمەڵێك بەڕێز دەنگی پێویستیان هێنایەوەو لە ئەنجومەنی شارەوانییەكاندا دەرچوون .

ئێمە لێرەدا پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لەوان و لە خۆمان و لە نەتەوەكەمان دەكەین و هیواداریین ئەوانیش لە خزمەت دۆزی ڕەوای گەلەكەماندا بن , بەتایبەت ناساندنی دۆزی ژینۆسایدیكردنی نەتەوەی كورد و ڕێگەگرتن لە ئەنجامدانی ژینۆسایدكردنی نوێ لە هەمبەر گەلەكەمان .

ئەو بەڕێزانەی خۆشبەختانە دەرچووین , وە ئێمە پڕ بەدڵ پیرۆزباییان لێدەكەین بریتین لە :

| ناو | پارت | شار |
|---|---|---|
| سۆلاف خانەقینی | پارتی كرێكاران | ئەسكەر |
| نیگار عینایەتی | پارتی سوور | ئۆسلۆ |
| عیسمەت كاگا | پارتی كرێكاران | ئۆسلۆ |
| عەبدوالقادر باقی | | یەسایم |
| نووسرەت | | |

**ناوەندی چاك-كۆمیتەی نەرویج**

2007-9-13

www.chak.be